سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# 0

سالّی یەکەم بەهاری -٢٠٢١

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزریە

ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن تاقمێک گەنجی ڕوونبیری خۆبەخش سازکراوە کە هەموو مانگی جارێک بە شێوەی (pdf) ژمارەیەک دەخاتە بەر بینایی خوێنەرانی.

سەکۆی هزر

گۆڤاری ئەلیکترۆنی


**خاوەن ئیمتیاز :**
ئەحمەد ستار
دێرین کەمال چاوشین

**سەرنووسەر :**
ئەحمەد زرار

**بەڕێوەبەری نووسین :**
ئەحمەد ستار

**دەستەی نووسەران :**
موحەممەد عەلی
لەمیا فاریق
بێستوون شاکر
موحەممەد فەرحان
هیوا پشتیوان
موحەممەد مەجید

**بەشی هونەری و دیزاین:**
موئمین قدوس

**نوسەرانی ئەم ژمارەیە:**
ئەحمەد زرار
ئەحمەد ستار
موحەممەد مەجید
هیوا پشتیوان
لەمیا فاریق
بێستوون شاکر
موحەممەد عەلی
فریاد بلباس
قەهار شێخانی
ڕۆستەم خامۆش
موحەممەد فەڕحان
هاوڕێ حەمەدەمین قادر
حەسەن موحەممەد



دەتوانن لە ڕێی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە بابەتەکان تان
ئاراستەی گۆڤارەکەمان بکەن
sakoyhzr@gmail.com

# پێڕست

• سەروتار

• گەشەپێدان/

-مرۆڤ لە نێوان دوو جۆر ژیان / بێستوون شاکر

-قووڵبوونەوەی مرۆڤ لە دونیای کتێب و نوسین / ئەحمەد ستار

-ژیان بکە لەگەڵ ئامانجەکەت / موحەمەد مەجید

-بەختەوەری ڕاستەقینە و درۆینە، بۆچوونی ئالان بادیۆ / هاوڕێ حەمەدەمین قادر

• ئەدەب - شیعر/

-دەبێ کەیبێ لەگەڵ تۆدا / فریاد بلباس

-من و ئێوارە و تۆ / قەهار شێخانی

-بینیووتە / موحەمەد عەلی خدر

-لێکترازان / حەسەن موحەمەد

• ئەدەب - لێکۆڵینەوە/

-هێمن و وێژەی سیاسی / ئەحمەد زرار

-ڕوانینێک بۆ ئەدەبیاتی منداڵان / ڕۆستەم خامۆش

• ئەدەب - گێڕانەوە/

-لەگەڵ هەڵۆکان بفڕە و لە مریشکان وە دووربە / ن: موحەمەد فەتحی - و: موحەمەد فەڕحان

-سووتان لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا / هیوا پشتیوان

-ڕۆحێک لە جیهان / لەمیا فاریق

# سەروتار

## ...وڵاتی وشه، زمان، وێژەتان باش

وەک سەرنووسەری (سەکۆی هزر)، دەستی نووسەرانی لێهاتوو و بە ئەزموونی گۆڤارەکە، دەنێمە سەر دڵم و، ئاواتی بەردەوامبوونی خەیاڵی جوانیان بۆ دەخوازم.
(سەکۆی هزر) گۆڤارێکی مانگانەیە، هەوڵدەدا، تینی خۆی دەخاتە کار، بێ یارمەتی هیچکەس، جگە لە چەندین دڵی تژی لە عیشق بۆ زمان و وێژەی کوردی.
سەکۆی هزر: بەشوێن توولەرێی ڕاستی وێژە و پەروەردە دەگەڕێ و، پڕهیوایە بە دەرچوونی ژمارەی یەکەم، چرای ڕاستی زمان هەڵکرێ؛ تا زبڵدانی ڕێنووس و خاڵبەندی کەمێ خاڵی بێتەوە.
ئەوەی ئێمەی هایی کردەوە، کەتواری تژی لە هەوری ڕەشی هەرزەگۆیان بوو، وای کرد بێینە زمان، لەسەر زمانەکەمان.
پارچەیان کردین؛ نەدواین، خوێنیان هەڵلوشین؛ نەدواین، ئاویان برین، ڕۆشناییيان زەوتکردین، تەنانەت خۆریان گرتین؛ سەرسامانە لە دەستوپلیان زیت دەبووینەوە، پیتێ لە زارمان سەری دەرنەهێنا...
بەڵام بۆ زمان ئامادەین هەزارجار بمرین نەوەک پیتێکی زمانی کوردی تێکدرێ و بشێوێنرێ و هەڵیتوپەڵیتی بیری بۆشیان، بکەن بە زمانی ستاندارت و، بڵێن ئەوەیە: زاری نووسین.

خامەمان دەخەینەکار ڕۆڵەی داهاتووی گەل، گەشە بکەن، بیر و تێگەیشتنیان دوور بڕوانێ، چەقبەستوو نەبێ، ئەوەی مەدگەی نیگامان نۆبەتبری دەکا بێڕەوشتی خامەنووسانە دەربارەی ڕەوشت، چاک بە خراپ دەنووسرێ و خراپیش بە چاک.
دەبینە تاڤگەی بەهار، تا گەرووتان لە لێڵاوی پەنگاوی زۆنگاوان بپارێزین و بە ئاوی سازگاری ڕەوشت و پەروەردەی درووستی ڕۆشنتان، ئاشنا کەینەوە.
وا زەن نەبەن، پەریزادە ناتوانن شەق بوەشێنن، پێم وایە ئەوەی دەستی ئێمەشی لە ئەستۆیە، ئەستۆی ڕۆڵەی داهاتووە کە خوا یاربێ، گەشە بە دەروون و بیر و تێگەیشتنیان دەدەین.

**ئەحمەد زرار**
**سەرنووسەر**

**سوپاس و ستایش بۆ کردگار؛** کە ئەو ئیرادە و توانایەی پێ بەخشین. توانیمان ئەو گۆڤارە دابمەزرێنین لەگەڵ هاورێیان، بە ماوەی دوو مانگ ژمارەیەکی لێ بڵاوبکەینەوە. دەستی ماندووبوونی هەموو ئەندامان دەگوشم و ڕێزی ناکۆتام بۆیان هەیە
ڕاستیەکەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو گۆڤارە لە هەناوی ئەو بەها ناشرینانەی ئێستا هەن دروست بوودەڕوانینە ئەو ساتەی ئێستای کۆمەڵگەکەمان، کە پاشکەوتن و شێوانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە ڕووی وێژە و پەروەردە و گەشەپێدان بۆیە بە پێویستمانزانی گۆڤارێکی مانگانە دەربکەین و، بڵاوکراوەمان
هەبێ لەو بابەتانە، بۆ ئەوەی ببینە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە.
وە من لە ڕوانگەی خۆمەوە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کێشانە دەکەم؛ کە هۆکاری سەرەکی کێشەکان تاکە و تەنها خودی خۆیەتی کە وەک ئامێرێکی لاسایی کردنەوەی لێهاتووە. بەداخەوە لاسایی کار و کردەوەی خراپ دەکاتەوە، لاسایی بیری خراپ دەکاتەوە و، هیچ هەنگاوێکی نیە بۆ خۆڕۆشنبیرکردن، هیچ هەنگاوێکی نیە خۆی بێت و، داهێنەر بێ. تەنها چاولێکەرە.
بۆیە سەکۆی هزر ئامانجی سەرەکی و ئەوتۆی هێنانەوەی بەها ڕەوشتیەکانە، لە ڕێگەی ئەدەب و پەروەردە و گەشەپێدانەوە.
سەکۆی هزر دەبێتە پردێک بەسەر ئەو چاڵەی کە تاکی کورد و زانست و وێژەی لێک جیاکردۆتەوە، وە سەکۆی هزر دامەزراوەیەکی خۆبەخشییە هەموو ئەندامانی ئەو گۆڤارە خۆبەخشانە تێدەکۆشن، بۆ ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئامارەم پێدان. سەکۆی هزر گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی سەربەخۆیە، لەلایەن تاقمێک گەنجی ڕوونبیری خۆبەخش سەرپەرشتی دەکرێ. گۆڤارێکە هەنگاو دەنێ بۆ هێنانەدی ڕێسای نوێ لە کاری گۆڤاردا.
لە کۆتایی دووبارە سوپاسی گشت ئەندامان دەکەم و هیوادارم ئەم ژمارەیەمان کە زیاتر وەک خۆ ناساندنێک ئامادەمان کردووە، بە دڵی هەموو خوێنەران بێت.

**ئەحمەد ستار**
**بەڕێوەبەری نوسین**

# گەشەپێدان

## ـ مرۆڤ لە نێوان دوو جۆر ژیان ـ

مرۆڤی سوننەتی و مرۆڤی مۆدێرن: ژیانی یەکەمیان سەفەرە لە دەرەوە بۆ ناوەوەی خۆی، لە جیهانی جەستە و ماددەوە بۆ جیهانی رۆح و بابەتە مەعنەویەکان، لە فەزای گەورەوە بۆ ناو فەزای بچووک. ئەم سەفەرە، جوانیەکانی بوون، گەورەیی دونیا دەبات لەگەڵ خۆیدا بۆ گەورەکردنی خەیاڵ، بۆ دۆزینەوەی نەنگیەکانی مرۆڤ، بۆ بەخشینی رۆحێک بە مرۆڤ بتوانێت هەست بە نارەحەتی و تەنگ و چەڵەمەکانی ئەوانی تر بکات.هەستبکات خەمەکانی دەتوانن خەمی ئەوانی تریش لەخۆ بگرن،هەستی مرۆڤبوونی هەبێت.

ژیان و سەفەری دووەم: سەفەرە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، سەفەرە لە دونیای رۆح و خەیاڵەوە بۆ دونیای ماددە و جەستە بۆ جێهێشتنی بەخشندەیی و لێبووردەیی و میهرەبانی و قوربانیدان و جێگە گرتنەوەیان بە هەلپەرتی و بەرژەوەندخوازی و ئەنانیی بوون.ئەم سەفەرەیان بچووکییەکانی ناخی مرۆڤ لەگەڵ خۆی دەبات بۆ دەرەوە و هەموو بوون دەکاتە خزمەتکار بۆی.هەربۆیە دەبینین لەم سەردەمی مۆدیرنەدا، پێداویستەکانی ناوماڵ و ئۆتۆمبێل و جل و بەرەگەکانمان دەگۆڕین، بەڵام خۆمان ناگۆڕێین، زۆربەی قسە و خەیاڵمان لەمەڕ دەرەوەی خۆمان سەبارەت بە مرۆڤەکانی ترن، گەنگەشەکردنی کاڵاکان، لێکۆڵینەوەی خانووەکان،باسکردنی باخەکان، بیرکردنەوە لە سەرمایە و بانکەکان، کەمترینیان باسی هەڵە و کەموکوریەکانی خۆمانن، کەمترینیان باسی ناخ و نەخۆشیەکانی ناو ناخمانن، وە بیکردنەوەیە لە ڕیابازی و نەبوونی جورئەتی وەک خۆدەرکەوتن، زۆر بە کەمی بیر لە ئیرەییبردنی خۆمان و چارەسەریان دەکەینەوە. کەمتر پرسیار لە دووڕوویی خۆمان دەکەین و کەمتر لەوەش: بیر لە چارەسەری ئەو دووڕووییە دەکەینەوە.

ئایا ئێمە مافی ئەوانی ترمان خواردووە؟
ئایا پاشەملە باسمان کردوون؟ئایا خیانەتمان لە هاوسەر ومناڵەکانمان کردووە؟
ئایا پێمان ناخۆشە ئەوانی تر گەشە بکەن؟
ئایا هەرگیز بووینەتە ئاستەنگ لەبەردەم گەورەبوونی ئەوانی تردا؟
هەزاران.... هەزاران ئایا و ئایای تر...
کەواتە مرۆڤی مۆدیری لە قەیرانی مەعنەویدا دەژیت.

**بێستوون شاکر**

## ـ قووڵبوونەوەی مرۆڤ لە دونیای کتێب و نوسین ـ

با بڵێین، لەسەرەتاوە باسێکی کورتی کتێب خوێندنەوە و دونیای کتێب بکەین، پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بەپێی تەمەن و ئاستەکەی کتێب بخوێنێتەوە و، خوێندنەوە بکات بە بەشێک لە خشتەی ڕۆژانەی ژیانی خۆی، چونکە بێگومان خوێندنەوە ئاستی مرۆڤ دەگۆڕێ لە ئاستێکی نزمەوە بۆ بەرز، بەپێی ئەزموون کردن لە خوێندنەوە، هەڵبەتە خوێندنەوە کاریگەریەکی ئەوتۆی دەبێت لەسەر کەسایەتی؛ چونکە هەر مرۆڤێک کاتێ لەدایک دەبێ، تا دەگاتە تەمەنی تێگەیشتن و پێگەیشتن، کەسایەتیەکی ناجێگیری هەیە. لەو کاتەی مرۆڤ پێ دەگات پێویستە کتێب بکاتە بناغەی کەسایەتییەکەی خۆی، بە کتێب کەسایەتی خۆی تۆکمە بکات. لەسەر تاک پێویستە ڕۆشنبین بێ بۆ بابەتەکان لە دەروازەی بابەتێک نەخولێتەوە و دیلی بابەتێک و ژانرێک نەبێ. پێویستە لە خوێندنەوە فرەبابەت بێ. وە پەیوەندی خوێندنەوە و نووسین زۆر لێک نزیکن، خوێندنەوە هەوێنی نووسینە و تا چەند خوێنەر بی ئەوەندە نووسەر دەبیت. کە دەست بە نووسینی بابەتێ دەکەی و توانات دەخەیە ڕوو؛ وەک چۆن ئەوە توانای نوسینەکەتە بێگومان توانای خوێندنەوەکەشتە. بۆیە هەموو نوسەرەکان چەندیان نووسیوە سەد بارتەقایان خوێندۆتەوە. سوودەکانی کتێب خوێندنەوە: (فراوانبوونی مێشک. تێگەیشتن زیاتر لە بابەتەکان، بەهێزبوونی خود، زیادبوونی توانای گفتوگۆ....هتد).

گەر بڵێین و باسی قوڵبوونەوەی مرۆڤ لە کتێب و دونیای کتێب بکەین، بێگومان لایەنی باش و خراپی هەیە: لایەنە باشەکانی قووڵبوونەوە لە کتێب، بەرامبەر بە خراپەکانی، کەمترە. باشیەکەی لەوەدایە: گەر قووڵ بیتەوە لە کتێب و ژانرەکان ئەوە زانیارییەکی تۆکمە و پاراو بە دەست دێنی لەو بابەتانە. توانای دیبەیت و گفتوگۆت دەبێ و دەبی بە کەسێک. ببێتە ئینسایکڵۆپیدیا(موسوعة)، لە بابەتەکەدا.

گەر بڵێین باسی لایەنە خراپەکانی بکەین ئەوەیە کە لێرەدا پێویستە بڕوا بە ڕاستی بهێنین، کە دونیای کتێب و دونیای دەرەوەی کتێب نە کۆکن لەگەڵ یەک نە هاوشێوەن، ئەوەی لە کتێب دایە، بە هیچ جۆرێ ناسەپێندرێ بەسەر کۆمەڵ؛ تەنها بەسەر خود دەسەپێ.

بۆیە گەر تاک لە دونیای کتێب قووڵبێتەوە و بیەوێت واقع(کەتوار)ی ناو دنیای کتێب بێنێتە ئارا و بیکات بە یاسا و ڕێسا، ئەوا بۆی ناکرێ نەکردەکەش دەبێتە کێشە بۆی. کێشەی دەمارگیری و خووگرتن بەم بابەتە دواجار بەرەو سەرلێشێوانی دەبا، چونکە بە کەتوارکردنی کتێب کارێکی ئەستەم و مەحاڵە. کارکردن و هەوڵدان بۆ مەحاڵ و ئەستەم ئەنجامی باشی نابێ. هەروەک باسمکرد دونیای کتێب بۆ تاکە، نەوەک کۆمەڵ. ئێمە لە ڕێی فرەئایدیاوە، دەتوانین بژین. ئەو فرەئایدیایەش لە کتێبی جۆراوجۆر سەرچاوە دەگرێ. تاکەکان هەر یەکەیان بە کتێبێکەوە و بە بابەتێکەوە دەیگرن و کەسیان ناتوانن ئەوەی خۆیان بەسەر ئەوەی تر، بسەپێنن.

**ئەحمەد ستار**

## - ژیان بکە لەگەڵ ئامانجەکەت -

یەکێک لە بنەماکانی ژیانکردن ئەوەیە: لەگەڵ شتێک بژیت بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە. وەکو ژن و پیاوێک کە یەکیان خۆشدەوێت، بە هەموو جوانی و کەموکورییەکانی یەکدی ڕازین و پێکەوە ژیان دەکەن.

لەوانەیە مامۆستایەکی ئاینی ژیان بکات لەگەڵ ئاینەکەی و زانستەکەی. دەبێ هەمووشمان ژیان بکەین لەگەڵ ئاینەکەمان کە ئیسلامە، لەوانەیە مامۆستایەک ژیان بکات لەگەڵ قوتابییەکانی. مەبەستی من لە ژیانکردن ئەوەیە: کەوا ئەو شتەت خۆشبووێت و بژیت لەپێناویدا. ئامانجیش هەر بەم جۆرەیە کە دەبێت بژیت و بجەنگیت لەپێناویدا.

لەم ڕۆژانەدا لە: تۆڕەکۆمەڵاتییەکان، قوتابییەکم بینی کەوا ئەمەی بۆ مامۆستاکەی بڵاوکردبوویەوە: [من کە ناوم ....... ڕۆژانێک لەوپەڕی بێ ئومێدیدا. بەمامۆستاکەمم گوت: (دەمەوێت بمرم تۆ دکتۆری، حەبێکم بدەرێ با بیخۆم و بمرم)، ئەویش پێی وتم: ئەگەر ژیانت و ئامانجەکەت، نرخی ئەوەی نییە لەپێناویدا بجەنگیت؛ ئەوا پێم بڵێ با حەبەکانت بە تەکسییەکدا بۆ بنێرم! لەوڕۆژەوە کە ئەمەم لە مامۆستاکەم بیست، زیاتر هەوڵمدا و زیاتر جەنگام، ئێستاش ئەوەم کە دەمویست. زۆر سوپاس مامۆستا.]

لەمەوە بۆم دەرکەوت کە دەکرێت جارجار لە ژیانکردن لەگەڵ ئامانجەکەماندا بێزاربین، بەڵام دەبێت خۆمان نوێ بکەینەوە بەرامبەر بە ئامانجەکانمان. ئەوەش بزانە دڵ و بیرت بەرامبەر شتەکان چۆن بێ، خوداش هەر بەمجۆرەت لەگەڵ دەکات. وەکو لە فەرموودەی قودسی هاتووە: (یقول الله عزوجل: أنا عند ظن عبدي بي). مامۆستایەکی خۆشەویست باسی ئەم فەرموودەی دەکرد دەیگوت: وەکو ئەوە وایە کەوا خودا بڵێت ئەوە قەڵەم و ئەوە وەرەقە تۆ بنووسە و من بۆت بکەم.

کەواتا دەبێت لەگەڵ ئامانجەکەت بژیت سەرەڕای خۆشی و ناخۆشی ڕێگای ئامانجەکەت، هەر بەمجۆرە بیری لێ بکەیتەوە کە دەبێت هەر پێی بگەیت. من وای دەبینم: نێوان ئامانج و تاک، وەکو نێوان ئەو کوڕ و کچە وایە بەڵێنیان پێکداوە و بە گەرمی لەسەر بەڵێنەکەیانن بۆ گەیشتن بەیەک. بێنە بەرچاوت کە کوڕەکە دوای ماوەیەک سارد بێتەوە لە بەڵێنەکەی، لەم بارەدا کچەکە دوور دەکەوێتەوە ئامانجیش هەر بەو جۆرەیە کە سارد بیت لەگەڵی ئەوا لێت دووردەکەوێتەوە. ئەمە دەکرێت لە کچەکەش سارد بێتەوە با کوڕان گلەیی نەکەن. کەواتا گەرموگوڕ بە لەگەڵ

ئامانجەکەت، ئەگەر جارجار ساردیش بوویتەوە با کەسێکی وەکو ئەو دکتۆرە لە ژیانت هەبێ، هانت بدا کە کەسێکی دڵسۆز و باشبێ، ئاگادار بە. هەرگیز ئامانجەکانت بە کەس مەڵێ. بەڵکو ئەنجامەکەیان پێ نیشاندە، ئەمە لەگەڵ کۆمەڵگا بکە. جگە لە دڵسۆزانت و هاندەرانت، دڵنیا بە سەرکەوتوو دەبیت. ئاگاداربوون لە سەرچاوەی هاندانەکانت؛ چونکە زۆربەی هاندانەکان تەنها رووکەشن، لەدڵەوە نین. بە جۆرێک خەڵکی قسەی سەرزار و قسەی دڵیان یەک نییە. لە دڵەوە ئاواتی شکستت دەخوازن بەڵام بە رووکەش ئاواتی سەرکەوتنت دەخوازن، هەتا مرۆڤ ژیرتر بێ؛ وا دەکات خۆی سەرچاوەی هاندانی خۆی بێت. بەجۆرێکی تر، مرۆڤ لەسەرەتای ژیانی تا کۆتایی تەمەنی و گەڕانەوەی بۆ مەنزڵگای ئاخیرەت، وەکو ڕۆمانێک وایە لەم ڕۆمانەدا خۆت پاڵەوانی چیرۆکەکە بە، نەوەک چواردەورت.

**موحەممەد مەجید**

## ـ بەختەوەری ڕاستەقینە و درۆینە،
## بۆچوونی ئالان بادیۆ ـ

کە بەختەوەری وەک هەر کاڵایەک دەبێتە کۆیلەی ڕێساکانی بازار، ئیدی (ئالان بادیۆ)، وەک فەیلەسووفێک قسەی خۆی دەبێت و جیاوازیی نێوان بەختەوەریی ڕاستەقینە و درۆینە دێنێتە بەرباس.

بەختەوەریی ساختە، بریتییە لە تێرکردنی خەڵکی دارا، لە ڕێی هەندێک کاڵاوە کە هەمان ڕۆڵی دەرمانی ئازارشکێن و هێورکەرەوە دەبینن. لە سەروەختێکی وادا، (ئالان بادیۆ) دێ، باسی خۆشییەکی ڕاستەقینە دەکات، ئەو خۆشییەی کە زادەی عیشقە و بەرهەمی چێژوەرگرتنە لە هونەر، ئەو خۆشییەی گەڕان بە دوای زانستدا، یان سەرقاڵبوون بە خەباتەوە بۆ گۆڕینی دونیا، پێمانی دەبەخشێت.

بەڵام ئەوە چییە وای کردووە، (ئالان بادیۆ)ی فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسی، کتێبەکەی لە بارەی بەختەوەرییەوە، ناو بنێت: (مێتافیزیکی بەختەوەریی ڕاستەقینە؟) بۆچی مێتافیزیک لە سەردەمێکدا کە لەمێژە جاری مەرگی دراوە؟ بۆچی بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە؟ چونکە ئەوەی سەروەرە، بەختەوەرییەکی ساختەیە. بادیۆ لە ڕابردوودا، گەلێک جار لە سێ وێستگە لای داوە: ڕووداو، حەقیقەت و خود. لای ئەو حەقیقەت شتێکە ڕووی داوە، یان ڕوودەدات، مەسەلەیەکی تیۆریی نییە، لێی ڕابمێنین، لێکی بدەینەوە و بیسەلمێنین. لای ئەو، حەقیقەت شتێ نییە، حازربەدەست، نەگۆڕ، جێگیر و کۆتایی پێ هێنراو، بەڵکوو شتێکە لە کرۆکی ڕووداوێکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونە نەریتخوازەکە کە دەیگوت: حەقیقەت زادەی تەباییە لە نێوان چەمک و بابەتدا.

حەقیقەت لای بادیۆ ئەوە نییە، بە ناوی گەردوونیبوونەوە، ئامێزی بۆ فاشیزم واڵاکردووە، گەڕان نییە لە دووی قازانج، بەڵکوو وەفایە بۆ ڕووداو بە خەباتی بەردەوام لە دژی هەموو ئەو ڕێکارانەی وەڵاتان دەکەن بە بازاڕێکی گەورە و بەرینی سەرمایەداریی هاوچەرخ و میللەتان دەکەن بە ئامێرگەلی بەرخۆر. حەقیقەت شتێکە بینەرانی پاسیڤ هەستی پێ ناکەن، بەڵکوو بکەرانی لە چەشنی هونەرمەند، خەباتگێڕ، زانا و ئەویندار کە لە کۆششدان بۆ بەدیهێنانی، دەرکی پێ دەکەن، ئاخر حەقیقەت هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی شتێک کە هێشتا نییە.

ئەگەر پشت بە فەلسەفە نەبەستین، ئەستەمە جیاوازی لە نێوان بەختەوەریی ڕاستەقینە و تێربووندا بکەین، ئاخر ئەوە فەلسەفەیە هانمان دەدات، دەست لە گەڕان بە دووی حەقیقەتدا

هەڵنەگرین و ئەوە فەلسەفەیە پێمان دەڵێت: بەختەوەری ئەوەیە، عاشقی گۆڕینی دونیا بین و بەوەفا بین بۆ ئەو عیشقە. فەلسەفە فێرمان دەکات، ئەوەی پێی دەڵێن دونیای ئازاد، هیچ نییە لە کارگەیەکی زەبەلاح بەولاوە، بۆ بەرهەمهێنانی بەختەوەرییەکی ساختەی بەکالآکراو. فەلسەفە بەرچاومان ڕۆشن دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانین دونیای بەناو ئازاد، ئەو بەهەشتە نییە کە ئینسان هەقە خەونی پێوە ببینێت، چونکە دونیای بەرهەمهێنانی کالآیە، نەک دونیایەکی ئازاد، دونیای بەرخۆرییە، نەک دونیای بەختەوەری، دونیایەکە لە کالآ، ڕەنگە زۆرێک لە پێویستی و ئارەزووەکانمان تێر بکات، بەڵام ناتوانێت بەختەوەرییەکی ڕاستەقینەمان بۆ دابین بکات، چونکە گردێک لە کالآ، نابێتە هەوێنی گەردێک لە بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە و ترۆپکی خۆشی ئەوەیە، بەوەی شکی دەبەیت، قایل نەبێت و خەون بە دونیایەکی خۆشترەوە ببینیت.

ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە: دەستبەرداری حەقیقەت نەبێت، هەمیشە پێوەندیی نێوان خۆی و حەقیقەت، لە دونیایەکدا، لەسەر بناغەی ساختە ڕۆ نراوە، پتەو ڕابگرێت. ئەوە کارەساتە لە دونیایەکدا کە درۆ زاڵە، فەلسەفە لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا نائومێد ببێت. ئەگەر فەلسەفە بایەخ بە حەقیقەت نەدات، شارستانیی بەرهەمهێنانی کالآ، هێندەی تر، خۆی دەچەسپێنێت، بۆیە خەباتی شەیدایانی بەختەوەریی ڕاستەقینەی مرۆڤ، دەبێت لە پێناوی گەردوونیبوونێکی نوێدا بێت، جێی ئەم جیهانگیرییە ترسناکە بگرێتەوە، کە فاشیزمی بەرهەم هێناوە و مرۆڤی بە شتومەک، کردووە. (ئالان بادیۆ) جاڕی فەلسەفەیەکی جیاواز لە لێکدانەوەخوازی، شیکردنەوەخوازی و هەڵوەشاندنەوەخوازی دەدات کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا تووشی مایەپووچی هاتن، بانگەشە بۆ ڕێبازێکی دیکەی فەلسەفە دەکات کە بە گژ لۆگیکی فرەکالآییدا دەچێتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، ئەگەر فەلسەفە عەوداڵی حەقیقەت نەبێت، ئەوا بەختەوەریی ڕاستەقینە، مەحاڵە بەدی بێت. بۆچی پێویستمان بە فەلسەفەیەکی نوێ هەیە؟ بادیۆ وەها وەڵام دەداتەوە:

- چونکە زانستە مرۆییەکان بە هانای کۆمەڵەوە نەهاتن.
- چونکە خود لە بەرامبەر چیندا هەرەسی هێنا و ژیانی هاوبەشیش چەمکێکی بێ کرۆک بوو.
- چونکە هەڵچوونی دینی و نەتەوەیی جێیان بە عەقڵانیبوون لێژ کرد.
- چونکە دونیای ئازاد، بریتییە لە خۆپەرستییەکی خۆرئاوایی.

لە ڕوانگەی بادیۆوە، بەختەوەر کەسێکە، گۆڕینی دونیا بخوازێت، بەختەوەری زادەی پێکگەیشتنە لەگەڵ حەقیقەتێکی زانستی،

هونەری یان سیاسی، نەک زادەی تێربوون. خود ناتوانێت بەختەوەریی خۆی لە واقیعی زاڵدا ببینێتەوە، ئاخر بەختەوەریی ڕاستەقینە زۆر لەوە بالاَترە، تەنیا لە درێژەدان بە ژیاندا چڕ ببێتەوە.

بەختەوەری ئەو خۆشییەیە، ئەویندارن وەختی هەستکردن بە ئەوین پێی دەگەن، ئەوەیە هونەرمەند بەدەم داهێنانەوە، هەستی پێ دەکات و ئەوەیە دەست لە ملی مەحاڵ بکەین. بەختەوەری ئەوەیە بەوەفا بین بەرامبەر بە مەحاڵ، چاوەڕێ نەبین و هیچ کۆسپێک نائومێدمان نەکات، ئاخر چاوەڕوانی و نائومێدی کۆیلە بەرهەم دێنن.

تەنیا خودێک دەتوانێت بەختەوەری بەرهەم بهێنێت و چێژی لێ وەربگرێت، کە شتێکی دەگمەن دابهێنێت، شتێک دژی واقیع. بەختەوەری ناتوانێت تایبەت بێت بە ناسنامەیەک، بەڵکوو بە ڕووی هەمووانذا کراوەیە، وەک چۆن ئەوین و کاری هونەری و داهێنانی زانستی، شتگەلێکی تایبەت نین بە کەسێک یان نەتەوەیەک، بەختەوەرییش وەهایە، نیشتمانی نییە. بەختەوەری ئەوەیشە، بە واقیعی زاڵ ڕازی نەبین و وێڵی دوای ژیانێکی ڕاستەقینە بین.

هەمیشە ئەگەری گەیشتن بە بەختەوەری هەیە، بە مەرجێک بەرچاومان ڕۆشن بێت، جیاواز و نوێ سەرنجی دونیا بدەین، واقیعی زاڵ بە کۆتایی دیرۆک و بە دوا هەوار نەزانین، پڕ بدەینە مەحاڵ و بە دەستی خۆمان کۆشکی بەختەوەری ڕۆ بنێین. ئەگەر فەیلەسووف، بەختەوەریی تێربوون ڕیسوا بکات، چی دی ملکەچی گێڕانەوە خەمناکەکان نەبێت و فەلسەفە لەگەڵ حەقیقەتدا ئاشت بکاتەوە، گەیشتن بە بەختەوەریی ڕاستەقینە، مومکین دەبێت نەک مەحاڵ.

**هاوڕێ حەمەدەمین قادر**

# ئەدەب - شیعر

دەبێ کەیبێ لەگەڵ تۆدا،
لە فنجانی قاوەیکدا،
بەیەک بگەین؟
دەبێ ڕۆژێ
لەژێر نمەی بارانێکدا؛
سەما بکەین؟

دەکرێ زەمەن ئەمجارەیان،
بێبەڵێنی خۆی نەنوێنێ،
لە باوەشتا،
پەیمانی خۆی بباتە سەر،
بۆ وچانێ
سوڕی ژیان بوەستێنێ؟

دەشێ شتێک،
جوانتر بێ لە بەکارهێنانی
خامەیەک؟
دەبێ شتێک،
ناخۆشتر بێ
لە چاوەڕوانی نامەیەک؟

هەموو ڕۆژێ،
لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا
تۆ بەخۆت و دەیان پرسیار،
دێیتە سەردانی خەیاڵم.
دەبێ جارێکیش بەڕاستی
بێی و بپرسی هەواڵم؟

دەکرێ ساتێک
دڵنیا بم کە هیمنی؟
دەشێ جارێک،
لە بنمیچی لانەیەکدا؛
بەتۆ بڵێم خۆشمدەوێی بەهێمنی؟

گەر نەشکرێ، من ناتوانم
هەزارویەک خەون و حەزم؛

وەکو مردوویەک بنێژم.
بۆیە دەبێ هەرچی زووە،
چی لە دڵمە
هەر هەموویت بۆ هەڵڕێژم.

لەگەڵ چرۆی گوڵی بەهار؛
تا هەڵوەرینی چڵی دار،
خۆشمدەوێی.

لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاو،
تا ئەو کاتەی
هێزی نامێنێ تیشکی چاو؛
خۆشمدەوێی.

خۆشمدەوێی،
خۆشەویستیت دڵی بردووم.
خۆشمدەوێی،
خۆشەویستیت شێتی کردووم.

ئازیزی من،
ئێستا وەک خوێن،
بەناو لەشمدا دەگەڕێی.
ئێستا  بەقەد،
هەموو دنیا خۆشمدەوێی.

**فریاد بلباس**

## ـ من و ئێوارە و تۆ ـ

کاتیێ دەگەم بە ئێوارە؛
دڵم پەست و غەمگین دەبیێ.
قەت حەزناکەم خۆر ئاوابیێ.
چونکە دڵم پڕ برین دەبیێ.
****
پێشتر ئێوارەم خۆشدەویست،
زۆر ڕقم لە بەیانی بوو.
ئەو کاتێ من و ئێوارە و تۆ
ناخمان پڕ لە گۆرانی بوو.
****
چۆن ئێواران دەستەکانمت
پڕ پڕ دەکرد: لە بۆنی سێو.
جێت نەدەهێشتم هەتاکوو؛
مەست نەببایین بە ماچی لێو.
****
وەرە وەکجاران بۆت بسڕم؛
فرمێسکی چاوی گریاوت.
وەک ڕۆشنیایی بمبەرەوە،
ناو گلێنەی هەردوو چاوت.
****
تاریکی ڕێی جێژوانمان،
وەک خۆت ڕووناکیان بکەوە.
لە چاوانتا هەڵمبگرە و،
بۆ ماڵی دڵ بمبەرەوە.
****
دەبا من و ئێوارە و تۆ
پڕببینەوە: لە پێکەنین.
بەڵێن بدە دوورنەبی لێم.
هەتا مردن پێکەوە بین.
****
وەکو دوێنیێ بە دڵنیایی،
لە باوەشمدا بخەوە.
وەک ئەو کاتەی لەگەڵما بووی،
هەر ئێواران دەربکەوە.

**قەهار شێخانی**

## ـ بینیووتە ـ

بینووتە تەم
لە دارستان دەئاڵێ و
چەپۆکی لە ڕووخساری گیر دەکا،
لە گۆمی گەرد و غوبار
دەیخنکێنێ؛
تۆ وای لەگەڵ من.

بینیووتە ئاسمان،
کە پەرداخێ
بروسکەی لێ دەرژێتە خوار،
شەو لە شیرینە خەوێ
رادەچڵەکێنێ؛
تۆ وای لەگەڵ من.

بینیووتە دەریا
پیت بە پیتی قەسیدەی باران،
لە سینەیدا دەنووسێتەوە؛
من وام لەگەڵ تۆ.

بینیووتە با، بە هەڵکردنێ،
پەڕ بە پەڕی کتێبی پێدەشت
دەخوێنێتەوە؛
من وام لەگەڵ تۆ.

**موحەممەد عەلی خدر**

## ـ لێکترازان ـ

وەکوو هەر ڕۆژ: باڵندەکان
دێنە گوێسوانێی خانووەکەت.
پەڕ و باڵیان
بە پەنجەرەی ژوورەکەتا دەئاڵێنن.
بە دەنگێکی ئەفسووناوی،
لە خەونت بە ئاگا دێنن.

بەڵام ئەو باڵندانەی کە
دەهاتن تا لە ئاسمانی
ژوانی ئێمە بخولێنەوە،
ئەوانە... ناگەڕێنەوە.

وەکو هەرجار:
دەمی بەهار،
گوڵە سوور و چەلەنگەکان
لەنێو باخچەکەت دەپشکوون.
لاولاوە تەژە و چڕەکان،
پەلکی سەوزیان بە ساباتی
سەر حەوشەکەتدا هەڵدەسوون.

بەڵام جەخارا!
ئەو گوڵانەی
لەبەر پێی ئێمە نەوی بوون
تکەی ئاونگ و شەونمیان
لە ژوانی ئێمە ڕەوی بوون،
ئەوانە... ناگەڕێنەوە.

دیسانەوە:
لە کەلی سەر دڵت هەڵدێ،
پرتەوی گزنگی ئەوین.
دیسان دەرونت چۆش دەدەن،
هەزاران وشەی ئاگرین.

بەڵام ئەو چەپکە پەیڤانەی

له وەنەوزی خەوا چیێ بوون،
تا وێکرا ببنە هەڵبەستێک
لەشەوگارێ تاریکی تۆ بتوێتەوە.
ئەوا ئێستا پەڕاگەندەی
گەروویەکی لەگۆکەوتوون.
چیتر غروور با نەتگرێ،
ئەو عیشقە... ناگەڕێتەوە.

**حەسەن موحەممەد**

# ئەدەب- لێکۆڵینەوە

## ـ هێمن و وێژەی سیاسی ـ

ئەوەی گەشتێکی بە ڕێچکەی بای ئاسمانی نەتەوەی (کورد) کردبێت، تێدەگات کە هەر لە گەردی ناو هەور و کزەی شەماڵی شەوگاری کوردستانەوە تاوەکو ڕووناکی چاوهەڵنەهاتووی ستێرە چریسکەدارەکان بە یاخیبوون و بە گڕ داچوونی جەور و تەگەرەکانی بەردەمیان ناسراون؛ بۆیە ئەم خەباتە لە وێژە و ئەدەبیاتیش ناتوانێ دووری بکا و شان لە هەوێنی شیعر و پەخشانە ناوازەکانی کوردایەتی و نەتەوەپەرستی لای وێژەوان و شاعیران دەخاتە ڕوو، ئاشکرایە ئەم شالاّوە لە سەردەمی زانا و دونیا دیدەی کورد (ئەحمەدی خانی) وە سەری هەڵداوە نەوە دوای نەوە تا ڕێچکەی ئەم ئاوازە سۆزداریەی، بۆ نەوە وشیارەکانی داهاتوو گواستۆتەوە. (حاجی قادری کۆیی و قەدری جان) مکووڕ بوون لەسەر هەڵکردنی بەیداخی نەتەوایەتی و کارکردن و شەونخونی بۆ بەرەوپێشچوونی شیعری نیشتمانپەروەری و تێکچڕژانی بابەتگەلی هەوڵی کورد و جوانی شیعر بۆ گەین بە ئاکامی ڕزگاری خوازی کوردستان، بۆیە لێرەدا دەمهەوێت ئاماژە بە یەکێک لە ستێرە پڕ پرشنگەکانی تریفەجاڕی مانگ بدەم کە ئەویش (م. هێمنی موکریان)ە. بە بۆنەی تەقەلای شۆڕشی ڕزگاریخوازی کۆمەڵەی (ژێ کاف) تا ڕادەیەک ئاگاداری و بەرچاو ڕوونیمان لەسەر شیعرەکانی (م. هێمن) هەیە، لەوکاتەوەی گۆڤاری (نیشتمان) لەلایەن تاقمێک ڕوونبیری مەهاباد دەردەکرا، (م. هێمن) بێ پسانەوە بەوپەڕی توانای خەیاڵکردن و شارەزایی لە زمانی وێژەیی کوردی شیعری بۆ نیشتمانپەروەری نووسیوە.

یەکێک لە شیعرە بایدارەکانی بلاّوکراوەی (نیشتمان) شیعری (کوردم) و کە لە ژمارەی (٣)ی گۆڤارەکەدا بلاّوبۆتەوە کە دەفەرموێ:

((کوردم و داوای حقووقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە موڵکی کورد داوایی ماڵی خۆم دەکەم))

لە زۆر کۆنەوە کورد گوتویەتی (ماف نادرێ، ئەسەندرێ). (م. هێمن)یش بە دووبارە کردنەوەی ئەم ئاواتە لەیادنەکراوە لوێچێک تنۆکی یاخیبووی هاویشتۆتە ناو شەپۆلی تەنگەژەی ئازادی و زۆر بە مێرخاسیەوە چاو لە چاوی دوژمنانی گەلەکەی ناوە و هەوڵی خۆی بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی گەلەکەی خستۆتە گەڕ.

**ئەحمەد زرار**

ئەدەبیاتی منداڵان، ترۆپکی بەرز ڕوانینە بۆ کایەکانی دیکەی ژیان بەشێوەیەکی جوانتر، ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و هەموو ئەو ژانرە ئەدەبیانەی، کە لەنێو بازنەی ئەدەبیاتی منداڵاندا جێیان دەبێتەوە، واتە: هەموو ئەو پەیڤە ناسک و جوان و بۆنخۆشانەن، کە خۆیان دەخزێننە نێو ماڵی شیعر و چیرۆکەوەو بە زمانێکی ئاسان و بێ گرێ و شیرین و پاراو و سادە دەنووسرێن بۆ منداڵان، بەڵێ ئەدەبیاتی منداڵان، واتە: جیهانێکی پاک و پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی، پڕ لە خەون و خۆزگە و خەیاڵی منداڵانە، ئەدەبیاتی منداڵان، گوڵستانێکی تژیی لە خونچەو گوڵ و چڵ و گەڵایە، کە هەزاران پەپوولەو باڵندەی نەخشینی تێدا دەبینرێن، دارستانێکە هەمیشە سەوز، کە بێ ئەژمار باڵندەی دەنگخۆش نەغمەو گۆرانی تێدا دەچڕن، جگە لە چێژ و شادی و کەڵک وەگرتن هیچی تری لێ نیە. بۆیە دەڵێم دەبێ شیعر، کە بەشێکی بەرچاوە لە ئەدەبیاتی منداڵان، لە ڕووی ڕووخسارەوە جوان و قەشەنگ و ڕێک دەرکەوێ، وە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەڵگری پەیامێک بێ و مانابەخش و پڕ مۆسیقا و ئاوازی بەجۆش بێ، کە منداڵ هەم سوودی لێ وەربگرێ و هەم چێژی پێ ببەخشێ، هەتا بکرێ شیعر بۆ منداڵان وا باشترە کورت و پوخت و واتادار و دێڕەکانی کەم بێ و بڕگەی کورت بێ. وەلێ ئەفسووس، ڕەنگە زۆر کەس وابزانن، یان وا تێبگەن، کە نووسین بۆ منداڵ زۆر ئاسانەو هێندە مەرج و یاسای قورسی نیە، وەلێ پێچەوانەکەی ڕاست و دروست و تەواوە، کە ئەو ئەدەبیاتە ئەوەندە سەخت و دژوارە، کەم کەس دەتوانێ بەرەو ڕووی لوتکەی بەرز و باڵای هەنگاو بنێ و پێیدا هەڵزنێ، چونکە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەوەی دەنووسرێ بۆ کەسانێکە، کە ئێستا منداڵن و بەڵام ڕۆژبەڕۆژ تەمەنیان هەڵدەکشێ و گەورە دەبن و دەبن بەتاکێکی پێگەیشتوو لەنێو کۆمەڵگەدا. بۆیە دەبێ بزانرێ کە چی و چۆنیان بۆ بنووسرێ، چونکە منداڵانی ئەمڕۆ، گەورەکانی ئایندەن، بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووبین، دەبێ لە منداڵەوە دەست پێبکەین. جا ئەدەبیاتی منداڵان هێندە گرنگ و بایەخدارە، کە زۆر لە شارەزا و لێکۆڵەر و شاعیر و دڵسۆزانی ئەو بوارە باسیان لێوە کردووە، وەکو شاعیری ناسراوی بولگاری ”ران بوسلیک“ دەڵێ: (ئەدەب بۆ منداڵان، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن)، بەڵێ بە دڵنیاییەوە نووسین بۆ منداڵان زۆر پێویستە، بەڵام وردەکاری و لێزانی و کەسی تایبەتمەندی خۆی دەوێ و کەم کەس دەتوانێ دەستی بۆ ببا، چونکە شارەزاییەکی باشی پێویستە بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەرانی ئەو بوارە سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنن، وە دەبێ بەڕاستی منداڵناس بن و لایەنی

پەروەردەیی و دەروونناسی لەبەر چاو بگرن، وە خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ مندالان هەبێ و هێندەی گیان و دڵ و سۆمای چاوی خۆیان خۆشیان بوێن، چونکە خۆشەویستی بناغەی ڕاستی و پتەویی هەموو کارێکە. بۆیە ئەوانەی مندالیان خۆشدەوێ و کار بۆ خزمەتی مندالان دەکەن، پێشک دڵسۆزی گەل و خاک و زمانی نەتەوەکەیانن، وە خەمخۆری نیشتمان و ولاتن، دەیانەوێ ڕێگەی مرۆڤایەتی بۆ ژیان، ڕێگەی جوانیی و ڕۆشنایی و دۆستایەتی بێ، وە کار بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەیەکی ڕاستگۆ و دەستپاک و ئەمانەتپارێز دەکەن. بۆیە زۆر زەحمەتە هەموو کەسێک بتوانێ لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی مندالاندا ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و براوەو سەرکەوتووبێ، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێ کە باسمان کردن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێ بەپەیژەکەیدا سەرکەوێ و دەنگ و پەیامی خۆی بگەیەنێ، چونکە نووسین بۆ مندالان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە بەرامبەر نەوەکانمان، وە شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی مندالان دەبێ لە شیعر و چیرۆکەکانیاندا پەیامی پەروەردەیی و چاکەخوازی و مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی و بیری ئاشتیخوازی و هەستی پێکەوەژیان... هتد. لە ناخیاندا بچێنن، ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوانەیان بۆ نووسرا، ئەوا ڕێک دوورە لە سروشتی ڕاستەقینەی خودی مندال. بۆیە دەبێ شیعر و چیرۆکی مندالان پڕ بن لە بەها بالاکان و ڕەوشتە جوانەکان، تژیی بن لە گەشبینی و ئاوات و ئومێد و هیوا بەخشین. شیعر و چیرۆکی مندالان دەبێ هەڵگری پەیامێک بن، کە ڕەنگدانەوەی ناخی خۆیان بن و واتادار بن و ببنە هەوێنی جولاندنی هزر و ئەندێشەیان، تا خەیاڵیان فراوان بێت و چەشنی ئەو باڵندانەی، کە ئارەزووی فڕین دەکەن بۆ دوور، بۆ ئەوەی ئەوانیش فێر بن دوور دوور بفڕن، بەڵکو زیاتر بڕوانن و بیربکەنەوە، وە جگە لە چێژ وەرگرتن، زانیارییان زیاتر بێ لەئەنجامی گەشتی خەیاڵ.

**ڕۆستەم خامۆش**

# ئەدەب-گێڕانەوە

## ـ لەگەڵ هەڵۆکان بفڕە و لە مریشکان وە دووربە ـ

دەگێڕنەوە: پیاوێک هەڵۆیەکی لە نایابترین جۆرەکانی هەڵۆ، بە دیاری بۆ شای مەملەکەت هێنا. شای مەملەکەتیش فرە دڵخۆش بوو بە دیاریەکە. پاشان ویستی تێڕوانینی وەزیرەکەی وەربگرێت لەبارەی هەڵۆکە؛ وەزیریش بە شای وت: گەورەم، ئەو هەڵۆیە لەگەڵ مریشکان پەروەردە کراوە!

شا لە گوفتاری وەزیر سەری سورما، داوای لێکرد هەڵۆکە بفڕێنێ، تا سەیرێکی بکات و بزانێ ئاخۆ ڕاستە لەگەڵ مریشکان گەورەکراوە. وەزیریش هەڵۆکەی هەڵدا و شا سەرنجی هەڵۆکەیدا لەسەر زەوی، چاڵ هەڵدەکەنێ و وەک مریشک بەدوای خۆراکدا دەگەڕێ. وەلێ وەزیر بەرلەوەی هەڵۆکە هەڵبدات بینیبووی کە هەڵۆکە سەیری زەوی دەکات، بە پێچەوانەی هەڵۆکانی تر کە سەیری ئاسمان دەکەن. بۆیە زوو دەرکی بەوەکرد کە لەگەڵ مریشکان پەروەردەکراوە.

هەریەک لە ئێمە، وێنە و سرووشتی ئەو کەسە هەڵدەگرێ کە هاونشینی دەکات؛ هاوڕێ و هاونشینیش کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتمان. بۆیە بزانە لەتەک کێدا دەبیت و، کێ دەکەیتە هاودەمی خۆت. گوتراوە: گەر دەتەوێت لەگەڵ هەڵۆکان بەرزەفڕ بیت، کاتت بەفیڕۆ مەدە لەگەڵ مریشکان.

**نوسینی: د. موحەممەد فەتحی**
**وەرگێڕانی: موحەممەد فەڕحان**

هەر ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش دەبینم، چۆکەکانم لەرز دایاندەگرێت... هەر ڕێبوارێک چاوەکانی لە "ئەو" دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە... تف لە خۆم و ئەو ماتۆڕ و کەلوپەلانەش دەکەم، توشم بە توشی ئەم هەستە نامۆیە دەکەن... پارە هەبووایە ئاخر من چ کارێکم بەم هەموو تروهاتەدا بوو؟ پارە هەبووایە لە جیاتی گرتنی سوکانی ماتۆڕەکەم، دەستی "ئەو"م دەگرت و تا دواسنوری دڵخۆشی، دڵخۆش دەبووم... پارە هەبوایە لە جیاتی ئەوەی، بەم ساردی زستانە لەسەر شەقامەکان ڕابوەستم؛ وڵات بۆ وڵات دەگەڕام و تفم لە هەرچی شەقامی دونیایە دەکرد. ئاه چەند خەیاڵپلاوم، تازە پارە نەبوو و "ئەو" نەما. ژیان و دڵخۆشیش نەما... سەیرێکی تایە قوراوییەکەی ماتۆڕەکەم دەکەم، ڕێک دەڵێی منم... کۆڵێک خەمی ژیان لەسەر شانم... ژیانیش بێ ویژدان، هەر دەڕوا و قوراویترم دەکات! ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەش ڕایدەگرێت، چۆکەکانم لەرزدایان دەگرێت... جامەکەی دادەگرێت... ئافرەتێکی خانەدانە! چاوەکانی لە "ئەو" دەچێت، ترس دەخاتە بوونمەوە! لە ژێر ماسکەوە نایناسمەوە... لە دڵەوە دەڵێم: «ئەگەر "ئەو"یت و ئەگەر "ئەو"نیت، نزات بۆ دەکەم، لە هەرچی پەتایە بەدووربی...» دەزانن تا ئێستا، جگە لە "ئەو" نزام بۆ کچی هیچ شار و هیچ وڵاتێک نەکردووە... وەلێ چاوەکانی؛ منیان بردەوە یادی ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ، چاوەکانم نووقم کردە چاوی "ئەو" و پێیم وت: «لە پارە بم، ڕێگەم پێنادات! ئەگەرنا هەر لێرە، هەردوو پێڵوی چاوتم ماچ دەکرد...» خاتوونی نێو ئۆتۆمبێلەکە، بە کۆکەیەکی وشک بە ئاگام دەهێنێتەوە و بە دەنگێکی ناسکەوە دەڵێ: «کاکە گیان، دوو فانتا و ئاوێکم بدەرێ...» دەنگی خاتوونی شۆفێر ناسراو نییە، "ئەو" نییە... نامەوێ چاو لە چاوی بتۆرێنم وەلێ ناچارم... بەرەو ماتۆڕە سێ تایەکەم دەچم... لەسەر ڕەفەی پشت ماتۆڕەکە، دەستم دەخەمە سەهۆڵاوی نێو تەپەدۆڕەکە... بۆ فانتاکە دەگەڕێم، دوو دانە لە فانتا و ئاوێکی بۆ دەهێنم... دەیدەمە دەستی، دەستم بەردەستەکانی دەکەوێت... ئاخێک هەڵدەکێشم و دەڵێم: «ئەفسووس، بۆم نەلوا بۆ جارێکیش بێت، دەستم لە نێو دەستەکانی "ئەو"دا بخەوێنم....» پارەکەم بۆ ڕادەگرێت، پێی دەڵێم: «لێی بگەڕێ، خاتوونی جوان!» پێم دەڵێت: «وەری بگرە ڕسقی خۆتە!» نەموێرا بپرسم: «ئەی ڕسقی دڵم چی؟» دەگەڕێمەوە، لەسەر پارچە بلۆکی بەردەم ئاگرەکە دادەنیشم... ئاگری نێو تەنەکەکە کزی کردووە. هەڵدەستمەوە، سندووقێکی پلاستیک دەهێنم و دەیخەمە نێو تەنەکەی ئاگرەکەوە... ئاگرەکە گەش دەبێتەوە، سنووقەکە هێدی هێدی دەتوێتەوە... خۆم وەک

سندووقەکە دێتە بەرچاو چۆن لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا دەسووتێم، چۆن دەتوێمەوە... خۆم دەبینم وا دەسووتێم... پێویستم بە دەستێکە ڕزگارم بکات... دەتوێمەوە! دەستێک نییە ئەو بەشە ساغەی کە ماومە دەری بهێنێت و بهێڵێ تۆزێکیش بێت لە بوونم بمێنێ و تەواو نەبم! دەستم دەخەمە نێو ئاگرەکەوە، ئەو بەشە ساغەی کە لە سندووقەکە ماوە دەری دێنم... دەستم دەسوتێ! ڕوو دەکەمە سندووقە نیوە سوتاوەکەی بەردەمم و دەڵێم: «خۆزگە کەسێکیش دەستی خۆی بسووتاندبا و نەیهێشتبا، وا لە نێو ئەم تڕوهاتەی دونیادا بسووتێم...»

**هیوا پشتیوان**

لەبەردەم پەنجەرەی ژیاندا، سەیری دیمەنی خۆرئاوابوونی مرۆڤەکان دەکەی، سەیری فڕینی مەلی ڕۆح دەکەی، سەیری ئەو بروسکانە دەکەی کە چۆن دڵەکان شەق دەکات، لە پیاسەیەکی نێو شەقامی ژیاندا، فرمێسکی منالێکی بێ ناز ئەبینی. ترسی دڵی کچێک لە جیهانێکی پیاو سالاردا، ڕێکردن بەرەو گۆڕستانێک. لە کوچێکی شاردا بەرەواندنەوەی گلەییەکانم لە ناخدا، گوێبیستی دەنگێک بووم کە گیرابوو لەناو هەنسکیدا، نزیک بوومەوە و بەدیم کرد لە ئافرەتێکی جل ڕەشدا، بینیم: لەسەر گۆڕی هاوسەرەکەیدا باس دەکات ناخی لەناو هەزاران لە ئازارەکانی ژیانیدا، کە دەست بەسەر کێڵەکەی دادێنێ و بێ نازی خۆی دەچێژێ، نەمام و گوڵی سپی هێناوە و لەسەر سنگی بۆی دەڕوێنێ، خەمێکی تاڵ و ئاوازێکی پڕ لەژان دەژەنێ، بەرگەگرتن بۆ دیمەنێکی وا جیهان ئەلەرزێنێ.

لە زستانێکی ساردا لەناو یەکێک لە کۆلانە هەژارەکاندا لە خانوویەکی کەلاوەدا: نوزە نووزی پیرەپیاوێک دێت لەتاو ژانی ژیانی بێبەزەییدا، بە دەست نادادپەروەری و دڵڕەقی مرۆڤەکاندا. لەبن دارێکی کۆنی بەتەمەندا بینیم: نیگاری لاوێکی جوان لە دڵێکی پڕ لە خەمدا، خەمێک: پڕ لە حەسرەت و دەردی دووری و نەگەیشتن بە یار؛ بەهۆی باوکی ستەمکارەوە، خاڵێکی ڕەشی دروست کردووە لە نیگاری باوکایەتیدا.

لە زیندانێک بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری، زوڵم لێکراوێک دەبینی لە کوچێکی تاریکدا، وە زۆرداریش دەبینی لە ڕووناکی ئازادیدا. ئەوەی تۆ دەیبینی هەمووی لە پێچەوانەی مرۆڤایەتی و کوشتنی هەستێکی ژیانکردن لە ناوەڕاستی جەنجاڵترین شەقامدا: لەسەر ئەژنۆ کەوتووە ئەو ڕۆحە خەمبارە، بەکوڵ دەگری بۆ ئەم ژیانە نالەبارە؛ هیچی لە دەست نایەت تەنیا گریانی چارە.

بەرکەوتنی نمە بارانێک دەبێتە هۆکار، بۆ هەستکردن بە ژیانێک گریان و ئازارم بیر چوو، بیر و هۆشم لەدەست چوو، تاکەشت کە هەمبوو هەستێکی ناوازە بوو: ئەویش تەنیا سەماکردن لەگەڵ باران بوو. دای خورپاندم، نمە بارانێک بۆ بیرکردنەوەم لە چێژێک بۆ ژیان. بیرم کردەوە لەجوڵەی دەستەکانم دەجولان بۆم بە پێی ئاوازی هەستەکانم، خەڵک چەتری هەڵگرتبوو منیش بێ چەتر، کەوتبوومە چێژێک پڕ لە خەیاڵ لەگەڵ ئاسمانێکی بێ هیلال. لەو ساتەدا هەموو شتێک گۆڕا، وەک هەڵدانەوەی پەڕەی پەڕتوکێک هەرچی هەبوو گۆڕا. ئەوەی تێگەیشتم لە چێژی نمە بارانێک دەتوانی دروستی بکەیت جۆرە ژیانێک بۆ خۆت و کەسانێک.

ئەوەی لێرەدا دەیبینی فرینی مەلی ڕۆحە کە چۆن باڵ دەدات و دەفڕێت، بەرەو کەناری بەختەوەری.

لە شەودا چێژ ببینە، لە نیگارێکی ئاسماندا بە گفتووگۆیەکی خەیاڵاوی لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان. لەناو مێرگی بەهاردا، سەما لەگەڵ پەپوولە باڵ ڕەنگاوڕەنگەکان بکە. هیوایەک بنوسە لەسەر کراسی سپی بەیبوونەکان. لە پایزی تەمەندا سەما بکە، لەگەڵ گەڵاکان و بڕیاردان لە هەڵدانەوەی پەرەی یادەوەریەکاندا. لەژێر سێبەری دارەگەورەی هاویندا نیگاکردن لەگەڵ گەڵاکان بۆت دروستدەبن، خەیاڵە سەماکەرەکان. بۆ گەیشتن بەمراز و هیواکان. وە لەسەر کریستاڵە بەفرینەکەی زستانیشدا بیرت نەچێت بینوسیت ناوی خاوەن کەشتیەکانی ژیانت. لە بەیانییەکی ئەفسووناویدا چێژ ببینە لەگەڵ نان و چایەکی گەرمی بەیانیاندا. بیژەنە ئاوازێک بە دڵی خۆت بە ڕووی ژیاندا. بیرت نەچێت بیر کردنەوە و تواناکانت هەمیشە ڕێگابوون بۆ ڕۆشتن بەناو چارەنووسدا. تێپەڕینی کات، کار لەدەروون و ڕۆحی مرۆڤەکان دەکات، چونکە ڕابردنی شەو و ڕۆژ وەکوو بەردێکە کە ئاو بەسەریدا بڕوات. بۆیە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە. هەرچەند ئاو سروشتێکی نەرمی هەیە، بەلام دەبێتە هۆی داتاشینی و گۆڕینی. شێوەی تێپەڕینی کات، ڕۆح دەتاشێت و شێوەی دیکەی دەداتێ، بۆیە بیرت بێت نەکەی لە شوێنێک بوەستیت بۆ چاوەڕوانی؛ چونکە کاتێک ئاوڕ دەدەیتەوە دەمێکە کاروانی کات جێیهێشتی و ژمارەیەک لە ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵ خۆی بردووە. لەکەشتی ژیاندا خۆت کاپتن بە. دەبێت خۆت بڕیاری ئەوە بدەیت، بۆ کامە دورگە بڕۆیت. بۆ هەمیشە خۆت بە شایستەی خەونەکانت بزانە.

**لەمیا فاریق**

سەکۆی هزر

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

